# کەرکوک گۆرانی گەڕانەوە دەچڕێت

**چنار نامق**
chnarnamq@yahoo.com

**کەرکوک ئەی ئەو شارەی تۆوی غوربەتت لەناخما چاند تۆئەو دایکە بەسۆزەبوویت کە لەرۆژانی منالّیمدا کە لە کۆشی گەرمت دابڕام ، ئاخر مەمکەکانت ئەوەندە گەرم وپڕ سۆز بوون لەو دەمەوەی کەلێوانم لێیدابڕا لێوەکانم باری مەینەتی گرتووە ئەی ئەو شارەی جوانییەکی ئەوتۆت نییە ولەدلّمدا بوویت بەدنیا ئەز نازانم چیت پێ بێژم عیشقێك کە لێت یاساغ بکرێت هەمیشە بەرەو تامەزرۆیی وێڵبوونت دەبات.**

**لەو دەمەوەی بەجێمهێشتووی رەنگی غوربەتم گرتووەوبۆنی نامۆییم لێدێت دەبێ چی لەعیشقی شارێکی قەدەغە کراو گەورەتر بێت کە لەناختدا هەڵبقوڵێت هاورێیەکم پێی گووتم : چاوەکانت چەند سەیرن هەمیشە توێژاڵێ فرمێسك داییپۆشیوە وەکو خەمێکی ئەزەلی دایگرتبیت بەخەمی عاشقان دەچێت ،لەوڵامدا گوتم : ئافەرین هاوڕێ تۆ لەمانای خەمو عیشق ونامۆیی تێدەگەیت کەهەمیشە دوورگەی چاوانم دەتەنێ وەلێ نازانم ئەو مەعشوقە دەناسیت کەهۆشی بردووم وڕێگەی نامۆبوون وجاویدانی پێگرتمە بەر و وایلێکردم تا ماوم بۆخۆم بگەرێم شارێکە هەمیشە بەتاسەیەوە دەژییام.**

**ئەی شارەکەی گڕوگڵپەو عیشق وسووتان زەمەنەکانی منداڵی بەسەرچوون ئەو سەردەمانەی لەسیمای تۆی داگیرکراوم دەڕوانی وبەقێزەونی چاوم دەبرییە ئەو پۆستاڵ رەشانەی بەسەر سینگی بێگەردی تۆدا دەگوزەران وپیاسەیان دەکرد رۆڵەکانتیان زیندە بەچاڵ دەکرد پیرۆزییەکانی ئێمەشیان بەبەرچاومانەوە دەناشت کەچی دەستێك نەبوو روومەتەکانمان بسرێت رەنگە کەرکوکیبوونم گەورەترێن زیان بێت چونکە وایلێکردم بەهەمیشەیینامۆبم ولەژیاندا خۆم نەدۆزمە هەندێ جار پێم وایە عیشقی زیندوو ئەو عیشقەیە کەبەرجەستە بێت ولەگەڵیدا بژییت لەزەمەن وکاتی ئەویندارێتیدا وهەندێ جاریش خۆم بە سوودمەند دەزانم لەهەموو خەم وغوربەت وئازارەکان چونکە فێری بێگەردی کردم ولەخۆبووردوویی کردم وایکرد هەمیشە خەڵکیم لەخۆم خۆشتر بوێت .**

**خەمی کەرکوك هێندە گەورەبوو کەبە جیمهێشت خۆم و ئایدیا وبیرەوەریم لەوێ مایەوە زۆر جار بەدوای ئەدرەسی هاوڕێکانم دەگەڕێم لە ئەدرەسی کچێکی هاوپۆلی شەشی سەرەتاییم دەگەرێم ناوی (سەراب)بوو چ قەدەرێکە لەم سەرابستانی ژینە بەدوای سەرابێکی دی بگەرێم جگە سەرابی نیشتمان لەئامێزی کەرکوکیشدا هەر بۆنی غوربەتم لێدێت ، کەرکوکی زێدە ئازیز.. من کەلەهەموو ژیان نامۆبم چیدی تەمادار نیم رۆژێك ئامێزت گەرمم کاتەوە ئەی عیشقی قەدەغەکراوم گرنگ نییە مرۆڤ لەکوێ نیشتەجێیە گرنگ ئەوەیە بزانین چیمان لەنەستدایە( ئەو چوار چێوانەی بەسەر هزری مرۆڤەوەن دیاری کراون و زۆر جار مەحاڵە مرۆڤ لێی دەرباز بێت )1 زۆر جار ( نالی )2 لێمدەپرسێت تۆ خەڵکی کوێیت لەوەلاّمدا باوکی پێی دەڵێت خەڵکی کەرکوکە کەچی من ئێستێك دەکەم وپێیدەڵێم لەسەرابستانەوەدێم مەپرسە خەڵکی کام شارم بیرو هۆشم چوون تێروانینم پەرتە وەرزەکانی تەمەنیشم چوون نیشتمانی داگیرکراوم لەت لەتە کەچی رۆژێکیان گوێ بیستی نالی بووم لەگەڵ هاورێیەکی ئەدوا پێیدەگوت : من خەڵکی سلێمانم بەلاّم دایکم کوردستانییە !!**

**سەیرە تۆوی غوربەت بەڕادەیەك لەناخمدا رواوە پاش ئەو هەموو ساڵە هێشتا بەبوون وژیان نامۆم رەنگە گەر لەئامیزی کەرکوکدا ژیابام ژیان جۆرێکی تر بوایە ئەو پرسیار گەلەم نەکردایە کە لەئەزەڵەوە نەدەبوو بیری لێبکەمەوەبەهەرحاڵ خەمی کەرکوك زۆر لەوە گەورەترە کەلەنوسینێکدا دەرببرێت ئالێرەدا دەمەوێت پەیامێك بۆ خەڵك ودانیشتووانیخۆشەویستی ئەم شارە ستەم دیدەیە بنێرم خەڵکی ماندوو نەحەساوەو شۆرشگێر**

لێنەگەرێن سازش لەسەر کوردبوونی ئەم شارە بکرێت هەروەك چۆن ئەمە هەڵوێستی سەرکردایەتی گەلی کوردەو هەموو کوردێکی بەشەرەفی کوردستان خاوەنی ئەم هەڵوێستەیە ئێستاکە کەرکوك خەمبارەو بۆ ئامێزی گەرمی کوردستان هەنسك هەڵدەدات دەسا ئێوەش خەڵکی ماندوو شورشگێری شاری کەرکوك و دەورووبەری هەوڵەکانتان بخەنە گەر لەپێناو سەلماندنی زۆرێنەی کورد لەکەرکوك ودەنگەکانتان چرکەنەوە لەپێناو بەدەسهێنانی ئەو دەسکەوتانەی خەڵکی کەرکوکی ئازیز لێی بێبەشە هەموو دەزانین خەباتی ئەم شارە تێکۆشەرە چەند قورس بووە بەدرێژایی مێژوو ئەمرۆ بەری رەنجی تێکۆشانی خۆتان بچننەوەو بەیەکریزی وتێکۆشانەوە بچنە گۆرەپانی هەڵبژاردن ودەنگەکانتان بدەن بەو لیستە هاوپەیمانییە کوردییانەی خزمەتی مێژووی کوردیان کردووە وخزمەت بەئایندەشی دەکەن ئەمە تاکە دیارییە روحی شەهیدانی گەلەکەمان شادوو ئاسوودە دەکات

( ئەو چوار چێوانەی بەسەر هزری مرۆڤەوەن دیاری کراون و زۆر جار مەحاڵە مرۆڤ لێی دەرباز بێت )1 / قسەیەکی عەلی وەردییە

( نالی )/ ناوی کوڕەکەمە